# تجربة الأحزاب المتعددة في تركيا وتأثيرها على القضية الكردية (١٩٤٦-١٩٦٠)


**شيلان طاهر صالح**

**قسم التاريخ، كلية التربية - جامعة كوية**

Shelan.tahir@koyauniversity.org



**الكلمات المفتاحية**: الديمقراطية, التغيير, النظام السياسي, التعددية الحزبية,عامل التغيير


**كيفية اقتباس البحث**

صالح , شيلان طاهر , تجربة الأحزاب المتعددة في تركيا وتأثيرها على القضية الكردية (١٩٤٦–١٩٦٠),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .


**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**



**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Multi-Party Experience in Turkey and its Impact on the Kurdish Cause (1946-1960)

**Shilan Tahir Saleh**
**Department of History, Faculty of Education - Koya University.**
Shelan.tahir@koyauniversity.org

**Keywords** : Factor, Change , System, Democracy, Multiple Parties.

**How To Cite This Article**
Saleh , Shilan Tahir , Multi-Party Experience in Turkey and its Impact on the Kurdish Cause (1946-1960( ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

CC BY NC ND
**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

This research is an introduction to the study of the historical period following second world War ,the conditions resulting from the end of the war, and the settlements that took place between the warring countries..

These included political, social, and economic aspects. It is worth noting that one of the important changes following the end of second World War was the political change, as there redical change in the policy of governance in Turkey, in terms of managing the country by a single party to adopting a multi-party policy in Turkey, and the changes that resulted from this in the country.

The political changes that occurred in Turkey from this historical period were more influenced by external factors compared to internal factors, and from this standpoint this study tries to prove that, which was a major reason in order not to form a democratic political system in the past .

The Democratic Party in Turkey , was one of the parties that was established after these changes , with the establishment of this party , a

great conflict and competition between itself and the Republican people 's party , which had a great impact on the emergence of the Kurdish cause . The policy of the Democratic party toward the Kurds in Turkey during this period ,especially in the 1950-1960 , in which he tries to present the the content of this policy ,as well as the reasons behind this policy How have the Kurds as a nation benefited from this new stage .All this through the method of gathering different information , analyzing events and comparing them with the previous stage and the policy of the Republican people's party.

Whether the implementation of the new system in terms of form or cntent,and the resulting of multi-party politics in the country.

**ملخص :**

يعد كتابة هذا البحث محاولة متواضعة لالقاء الضوء على أهم المتغيرات السياسيةالتي ظهرت على الساحة الدولية عامة والمتغيرات السياسية في تركيا خاصة خلال الفترة التي اعقبت الحرب العالمية الثانية ، اذ يظهر جليا مدى فاعلية هذه المتغيرات والعوامل والاوضاع المترتبة بعد انتهاء الحرب والتسويات التي جرت بين الدول المتحاربة انذاك والتي شملت النواحي السياسية والاجتماعية والاقتصادية في تركيا يتضح مدى فاعلية هذه العوامل والمتغيرات في ظل الاوضاع التي اعقبت الحرب العالمية الثانية ,لاسيما فاعلية العوامل الخارجية مقارنة بالعوامل الداخلية,ومن هذا المنطلق يتبين ان النظام السياسي في هذه المرحلة التاريخية وو خلال العشر سنوات من حكم الحزب الديمقراطي في تركيا ,كان يتسم بطابع ديمقراطي من حيث الشكل وليس من حيث المبدأ والمضمون حيث ان النظام الحاكم لم يكونوا على ثقة بالمبادئ الديمقراطية كما كانوا يدعون في السابق

.من الجدير بالاشارة انه من اهم التغييرات التي اعقبت انتهاء الحرب العالمية الثانية ،التغيير السياسي حيث تم تغيير بشكل جذري لسياسية الحكم في تركيا من حيث ادارة البلاد من قبل حكم الحزب الواحد الى اتباع سياسة تعدد الاحزاب في تركيا وما ترتب على ذلكمن تغييرات في البلاد سواء كان تطبيق النظام الجديد من حيث الشكل او من حيث المضمون وما ترتب عليه في اوضاع البلاد من ظهور التعددية الحزبية...

## ئەزموونی فرەپارتی لە تورکیا و کاریگەری لەسەر دوزی کورد (١٩٤٦-١٩٦٠)

**شیلان طاهر صالح**

بەشی مێژوو، فاکەلتی پەروەردە - زانکۆی کۆیە.

Shelan.tahir@koyauniversity.org

**پوختەی توێژینەوە**

بێگومان نووسینی توێژینەوەیەك دەربارەی مێژووی نوێ وهاوچەرخی تورکیا گرنگیەکی تایبەتی هەیە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزو سەنگی تورکیا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست هەیەتی، لە بوارە جیاوازەکانی، ئابووری وراميارى و ستراتیژی، جگە لە ئەزموونی ئەم وولاتە و پەرەسەندنی رووداوەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم لە گرنگترینیان ئەو گۆڕانکارییەی لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی وولاتدا، کە خۆی لە پەیڕەوکردنی تاك پارتی بۆ بەرقەراربوونی فرەپارتی و هەوڵەکانی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پەرەوكردنی دیموكراتی لە توركیا.

لەم توێژینەوەیە، جەخت دەخەینە سەر بنەماكانی فرەپارتی لە توركیا لە ماوەی كۆتاییەكانی جەنگی جیهانی دووەم، وێرای دیاریكردنی خراپی بارودۆخی ئابوری لەسەر توركیا. بەسود وەرگرتن لە چەندین سەرچاوەی زانستی و تایبەت بەمێژووی توركیای نوێ و هاوچەرخ

لەدەر هاویسشتەكانی جەنگی جیهانی دووەم، نەمانی سیستەمی تاك پارتی لە بەشێك لە دەوڵەتانی رۆژئاوا، هاوشێوەی سیستەمی نازیەت لە ئەلمانیاو فاشیەت لە ئیتاڵیا، و دەركەوتنی رۆلی وولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا وەك بەهێزترین دەوڵەتی ئەوسەردەمە، ئەمە وێرای سەرهەڵدانی جەنگی سارد.

پارتی دیموكرات لە توركیا یەكیك بوو لەو پارتانەی لە ئەنجامی ئەم گورانكارییانەی ئاماژەمان پێ كردووە، دامەرزا. لەگەڵ دامەرزاندنی ئەم پارتە كێبركێ وململانیی لە نێوان پارتی ناوبراو و پارتی گەلی كۆماری فەرمانڕەوا دروستبوو.

لەم توێژینەوەیەدا چەند ئەنجامێكی گرنگ بەرجەستە دەكەین، لە دیارترینیان پێویستی توركیا بەیارمەتی و هاوكاری دەوڵەتە رۆژ ئاواییەكان بوو بەمەبەستی چارەسەركردنی ئەو كێشە ئابوریانەی كە لە كاتی جەنگی جیهانی دووەم و دواتریش بەرۆكی توركیای گرتبوو.

نووسینەوەی ئەم توێژینەوەیە هەنگاوێكی گرنگ بۆ تیشك خستنە سەر ئەم گۆرانكارییانە و كاریگەری فاكتەرە ناوخۆیی و دەرەكیەكانی پێوە دیارە لە قۆناغی دوای جەنگ جیهانی دووەم، و كاردانەوەی بەسەر پێشهاتەكانی دواتر. گۆرانكاری و پێشهاتە سیاسیەكانی ئەم قۆناغە مێژووییەی توركیا زیاتر كاریگەری فاكتەرە دەرەكیەكانی پێوە دیاربوو وەك لە فاكتەرە ناوخۆییەكان، هەر لەم گۆشەنیگایەوە سیستەمی سیاسی لەم قۆناغەدا و لە ماوەی دە ساڵەی حوكمرانی پارتی دیموكرات لە توركیا مۆركی پەیرەوكردنی سیستەمی دیموكراتی بەشێوەیەكی ڕووكەشی بوو و كاربەدەستانی دەوڵەت باوەڕی تەواویان بە بنەما دیموكراتییەكان نەبووكە پێشتر بانگەشەیان بۆ دەكرد.

ووشە سەرەكییەكان: گۆرانكاری ،فاكتەر،سیستەم،دیموكراسی،تاك پارتی،فرەپارتی

## ١-پێشەكی

### ١-١ گرنگی بابەت:

جێگای خۆیەتی لە سەرەتا ئاماژە بۆئەوە بكەین كە دامەرزاندنی پارتی دیموكرات لە توركیا لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە سەردەمی ئۆپۆزسیۆنی لە ماوەی نێوان (١٩٤٦-١٩٥٠)، یاخود لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیدا لە نێوان (١٩٥٠-١٩٦٠) قۆناغێكی تازەبوو لە توركیا، كە خۆی لە گۆڕانكاری لە سیاسەتی دەوڵەت و حكومەت لە توركیا بەرامبەر بە تورك و نەتەوە ناتوركەكان، ئەمەش نەك تەنها لە ئەنجامی گۆرانكاری عەقڵیەتی دەسەڵاتدارانی پارتی دیموكرات بوو، بەڵكو بەهۆی ئەو

گۆرانكاريانەی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، جیهان و ناوچەكانی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گرتەوە، هەروەها فشاری وڵاتە زلهێزەكان و بە تایبەتی وولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە مەبەستی پەیرەوكردنی سیستەمی دیموكراتی لە توركیا و بەرقەراركردنی. هەموو ئەوانەش دواجار گۆرانكاری گەورەی لە سیستەمی حوكمرانی توركیا هێنایەكایەوەو سیستەمی بەرێوەبردنی وولاتی لە تاك پارتیەوە گۆری بۆ فرەپارتی و جۆرێك لە كرانەوەی بە دوای خۆیدا هێنا.

**١-٢ هۆكاری هەڵبژارنی بابەت:**

هۆكاری هەلبژاردنی ئەم بابەتە دەگەرێتەوە بۆ گرنگی بابەتەكە، بە تایبەتی بۆ قۆناغی ئێستا لە رێگەی گرێدان و شیكردنەوەی رووداوەكانی ئەو سەردەمە بە فاكتەر و رووداوەكانی سەردەمی نوێ، ئەم توێژینەوەیە هەولێكە بۆ دەستنیشانكردنی هۆكارە بنەرەتیەكانی چارەسەر نەبوونی بەشیك لە رووداوە مێژووییەكان لە سۆنگەی شیكردنەوەی عەقلیەت و تێروانینی فەرمانرەوایانی توركیا بە جیاوازی بیرو بۆچوونیان و ئایدیۆلۆژیایان.

**١-٣ ئامانج لە نووسنیی توێژینەوەكە:**

ئامانج لە نووسنیی ئەم توێژینەوەیە كاركردنە لە سەرسیاسەتی پارتی دیموكرات لە توركیا، لە ماوەی وەرگرتنی دەسەڵات لە نێوان ساڵانی (١٩٥٠-١٩٦٠) كە تێدا هەوڵ دەدات ناوەرۆكی ئەم سیاسەتە بخەینەروو، هەروەها هۆكارەكانی پشت پەیرەوكردنی ئەم سیاسەتە دیاری بكەین، هەوڵماندداوە پەنجە بخەنیە سەر هۆكارەكانی دروستبوونی پارتی دیموكرات و بەهێز بوونی لە قۆناغە مێژووییەكانی مێژووی توركیا، جگە لە خستنەرووی ئەو فاكتەرانی بوونە هۆی سەركەوتنی ئەو پارتە لە هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٥٠)و بەدەستهێنانی رێژەیەكی زۆر لە كورسیەكانی ئەنجوومەنی نیشتمانی گەورە، لەم سۆنگەیەدا لەچەند لایەكەوە ئاماژەمان بە سیاسەتی ئەو پارتە كردووە بەرامبەر بە نەتەوە نا توركەكان بە تایبەتی نەتەوەیی كورد. وێرای دیاریكردنی هەڵویستی كورد بەرامبەر رووداوەكانی ئەو سەردەمە، وە پیشتوانی كردنیان لەو پارتە.

**١-٤میتۆدی توێژینەوە:**

ئەو میتۆدەی لە توێژینەوەكە بەكارهاتووە، بریتە لە كۆكردنەوەی زانیارییە جیاوازەكان لە ماوەی دوای جەنگ جیهانی دووەم و دواتریش، وشیكردنەوەی رووداوەكان و بەراوردكردنیان بە قۆناغی پیشوتر و سیاسەتی پارتەكانی دیكە. بە تایبەتی سیاسەتی پارتی گەلی كۆماری.

**١-٥پێكهاتەی توێژینەوە:**

توێژینەوەكە پێكهاتووە لە پێشەكی و (٣) تەوەر، تەوەری یەكەم باس لە (كۆتایی جەنگی جیهانی دووەم و دامەرزاندنی پارتی دیموكرات) دەكات، تەوەری دووەم بە سیاسەتی پارتی دیموكرات لە سەرەتایی دامەرزاندنی لە ساڵانی نێوان (١٩٤٦-١٩٥٠)، تەوەری سێیەم بریتیە لە ئاڵنگارییە سیاسیەكان لە سەردەمی پارتی دیموكرات لە توركیا لەماوەی نێوان ١٩٥٠-١٩٦٠.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

## ٢- توركيا لە دوای جەنگی جیهانی دووەم و دامەرزاندنی پارتی دیموکرات.

سیستەمی سیاسی لە تورکیا یەکێک بوو لەو سیستەمانەی لە ئەنجامی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) دامەرزا ئەم دامەرزاندنە هاوکات بوو لەگەڵ هەوڵەکانی بەرجەستەبوونی دەوڵەتی تورکیای نوێ، کە تێدا دیدوتێروانینی (مستەفا کەمال ئەتاتورک)[١] پێوەدیاربوو، کە لە ئەنجامی هەوڵەکانی وەک سەرۆک پارتی گەلی کۆماری توانی دەوڵەتی تورکیای نوێ لە رێکەوتی (٢٩ ی تشرینی یەکەم ١٩٢٣) رابگەیێنێت.

هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم (١٩٣٩-١٩٤٥) بە یەکێک لە گرنگترین رووداوە سەربازی و سیاسیەکان دادەنرێت، دەرئەنجام کاریگەری لە سەر رووبەرێکی فراوانی جیهاندا لە نێوانیشیاندا تورکیا لێکەوتەوە، بە کۆتایی هاتنی جەنگ. جیهان پێ نایە قۆناغێکی نوێ کە تێدا سیستەمە تاکرە وەکان هەرەسیهێنا و سیستەمی دیموکراتی و فرە پارتایەتی شوێنی گرتەوە (لازاریف واخرون،٢٠٠٦، ل٢٥٣). بەمشێوەیە گۆرانکاری سیاسی گەورە لە سیستەمی حوکمران دەوڵەتانی بەشداربووی جەنگ روویدا، ئەوەش بریتی بوو لە هەڵوەشانەوەی سیستەمی تاک پارتی.

لە هەر یەك لە دەوڵەتانی ئەوروپا هاوشێوەی سیستەمی (نازیەت) لە ئەلمانیا و سیستەمی فاشیەت لە ئیتاڵیا، وێرای دەرکەوتنی وولاتە یەککرتووەکانی ئەمریکا وەك دەوڵەتێکی خاوەن هێزو سەنگ دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، ئەمریکا هەوڵی یارمەتیدانی دەوڵەتە شکستنخواردووەکانی جەنگی دەدا لە نێوانیشیاندا تورکیا لە چوار چێوەی پەیرەوکردنی بنەمای ترومان(٢) کە لە بەندەکانی دەردەکەوێت ئامانجی ئەمریکا بۆ دەست بەسەرداگرتنی سیستەمی سیاسی و ئابوری ئەو وولاتانە و بەکارهێنانیان دژ بە بڵاوبوونەوەی تەوژمی فیکر و ئایدیای شیوعیەت، وگەمارۆدانی یەکێتی سوقیت لە لایەنەکانی سیاسی و ئابوری بە تایبەتی دوای دەست پێ کردنی جەنگ سارد لە نێوانیاندا. لایەن خۆیەوە تورکیا پێیوابوو کە دەتوانێ پشت بە یارمەتیەکانی ئەمریکا ببەستێت بەرامبەر مەترسیەکانی یەکێتی سوقیت.

لە لایەکی تر، بارودۆخی ناوخۆیی تورکیا، دوای جەنگ جیهانی دووەم و کاریگەرییەکانی جەنگ، تایبەتی لە لایەنی ئابوری تورکیا لەئەنجامی خراپی سیاسیەتی حکومەت و قورخ کردنی بازرگانی لەلایەن ژمارەیەك لە بازرگانەکان بووەی هۆی تێکچوونی بارودۆخی ئابووری لەتورکیا و قورس کردنی باری دارایی دانیشتوانی .

سەبارەت بە بارودۆخی کورد لە ناوچەکانی باکووری کوردستان لەو سەردەمە، وەك دەردەکەویت دۆخی کورد لەم بەشەی کوردستان دوای شکستهێنانی شۆرشی دیرسیم هیچ جموجۆڵێکی سیاسی و سەربازی تەنانەت کولتوریشی بەخۆیەوە نەدی، وەك ئاشکرایە ئەم خامۆشی و بێدەنگیەش دەگەرایەوە بۆ سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا لە ساڵانی دوای

جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) کە بەرامبەر ناوچە کوردنشینەکان پەیرەو دەکرد لە گەماڕۆدانی توندی سەر ناوچە کوردییەکان و سەپاندنی کاروباری ئەم ناوچەکە بە سوپا، لە هەمان کاتدا دامەرزاندنی چەندین بنکەی چاودێری لە شارە کوردییەکان، بۆ ئەوەی دانیشتوانەکانی نەتوانن جارێکی تر پەنابەنە بەر چەك (محي الدين، ٣٧ ص٢٠١٢). (محمد،٢٠١٧، ص٣٢).

بەردەوامبوونی حکومەتی تورکیا لە نکۆڵیکردن لە بوونی نەتەوەیی کورد لە تورکیا وزەوت کردن مافە نەتەوایەتیەکانی ورەت کردنەوەی بوونیان وەك نەتەوەیەکی خاوەن ماف لە تورکیا هاوشێوەی تورکەکان وەك ئەوەی لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی دەوڵەت بە ناوی (سون بوستە) لە بەرواری (١٩٤٦/٤/١١) نووسراوە لەتورکیا کە کەمایەتێك بەناوی کورد بوونی نییە. (جعفر، الطبعة الثانية، ٢٠٠٦، ص٣٠٩) ، (عيسى، مصر، ١٩٩٢، ص٣٧٣).

هەموو ئەمانە، وێرای قەدەغە کردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی و پۆشینی جل و بەرگی کوردی خۆیان (جعفر، ٢٠٠٦، ص٣١٠)، حکومەتی تورکیا ناوچە کوردییەکانی بەناوچەی داخراو دانابوو، بێگومان پەیرەوکردنی ئەم جۆرە سیاسەتانەی دەوڵەتی تورکیا بەرانبەر بە کورد، کاریگەری هەبوو لە سەر فراوانی بوونی ڕەق و نیگەرانی کوردەکان بەرامبەر بە سیاسەتی حکومەتی تورکیا دەرهەق بە مافە نەتەوایەتیەکانیان. جێگیرکرنی سوپای دەوڵەت لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا و راپەڕاندنی کاروبار و بەرێوەبردنی ئەم ویلایەتانە لەلایەن هێزەکانی سوپای تورکیا بوو (شمزینی، ١٩٩٨،ل٢٤٢) وەك جۆریك لە جۆرەکانی چەوساندنەوەی دانیشتوانی ناوچەکە و بڵاوکردنەوەی ترس و دڵە ڕاوکێ لە نێوانیاندا وێرای بەکارهێنانی سیاسەتی راگواستنی کوردەکان لە ماوەی ناوەراستی سالانی چلەکاندا بەتایبەتی لە (١٩٤٥-١٩٤٦) و نیشتەجێ کردنی تورکەکان لە شوێنیان بە تایبەتی لە ناوچەکانی نزیك سنوری هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران، وە گواستنەوەیان ناوچەکانی بۆ ناوەراستی تورکیا (جعفر، ٢٠٠٦، ص١٧٦)، (جليل و اخرون، الطبعة الثانية٢٠١٢، ص٢٥٦).

لەگەڵ هەموو ئەمانەش دەرهاوێشتەکانی جەنگی جیهانی دووەم وەك ئاماژەی بۆ کرا، گۆرانکاری لە سەرئاستی جیهان هێنایە کایەوە، کرانەوەی دیموکراسی وبڵابوونەوەی ئازادی هەموو ئەوانە ڕەنگدانەوەی لە سەر ڕەوشی سیاسی تورکیا هەبوو، بۆ نموونە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی فەرمانرەوایەتی تاك پارتی لەتورکیا وە پەیرەوکردنی ئەم رێچکەیە هاوشێوەی دەوڵەتانی ئەوروپا و گۆرانکاری لە رژێمی سیاسی خویدا بکات (احمد و اخرون، ١٩٩٨، ص٤٦) ئەم شێوازەی حوکمرانی بە رواڵەت تێپەرێنێت، وە سیستەمی فرەپارتی پەیرەوبکات. هاوکات پارتی گەلی کۆماری فەرمانڕەوا جیاوازی بیرورا لەنێو رێزەکاندا پەرەیسەند و بەشێك لە بەرپرسە باڵاکانی ئەو پارتە جیابوونەوە، ئەوە بوو لە (٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦) پارتێکی نوێنیان دامەرزاند بە ناوی (پارتی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ديموكرات) (محي الدين, ٣٧,٢٠١٢)، (خليل، ١٩٨٨، ص١٦٥). لەم سەر و بەندە ولە ترسی فراوانبوونی ڕێزەکانی پارتی دیموکرات، لەلایەن خۆیەوە پارتی گەلی کۆماری دەسەڵاتدار بە مەبەستی ڕێگریکردن لە پارتی دیموکرات بڕیاری پێشخستنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی گەورەی دا (زۆر چەر،٢٠١١، ل٣١٥)، هەر بۆیە لە ریکەوتی (٢١ی تەموزی ١٩٤٦) هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی گەورە ئەنجامدرا، لەم هەڵبژاردنەدا جارێکی تر پارتی گەلی کۆماری توانی زۆربەی دەنگەکان بەدەست بینن و پارتی دیموکرات توانی( ٦٢) کورسی پەرلەمان بەدەست بێنێت (فاتیع،٢٠١٦،٣٨)، (الزين، الطبعة الأولى،١٩٨٢، ص٢٦٧)[٣].

ئەگەر چی تورکیا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری جەنگی جیهانی دووەم نەبوو، بەڵام کاریگەریە نەرێنەکانی جەنگی بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا رەنگی داوە لەسەر دۆخ و ژیانی خەڵك بە گشتی و ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا بە تایبەتی، وێرای تێکچوونی بارودۆخی ئابوری و بەرز بوونەوەی نرخی شت و مەك لە بازارەکانی تورکیا وەك لە پێشوو تریش ئاماژەمان پێکرد.

لەلایەکی تر لاوازی کۆمەڵگای کوردی لە ماوەی دوای جەنگ و دابەشبوونیان (لازاريف و اخرون، ٢٥٦،٢٠٠٦)، هەروەها بەرەو پێشچوونی سیستەمی بورجوازی و گەشەکردنی کەرتی پێشەسازی هۆکارێك بوو بۆ لاوازبوونی پەیوەندییە دەربەگایەتیەکان لە کۆمەڵگای کوردی دوای جەنگ (سعدالله،١٩٩١، ص١٤) لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تورکیا لە هەوڵی بە هێزکردن و مانەوەی سیستەمی دەربەگایەتیان دەدا لە ناوچە کوردییەکان. هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا بۆ بنیادنانی سوپایەکی گەورە و پڕ چەك کردنیان بە نوێترین چەکی سەردەم کاریگەری لەسەر خراپی بارودۆخی ئابوری هەبوو بە جۆرێك کە ناوچەکانی کوردستانی باکوور کەوتنە ژێر بارودۆخێکی نالەبار، سەرەڕای سەپاندنی باج لە سەر ئەو ناوچانە (هاوار، بەرگی٣، ل٣٦١). دوای دامەرزاندنی پارتی دیموکرات زۆر بە وردی کاری لە سەر ئەو کێشانە کرد کە بوونە هۆکاری بێزاری و نیگەرانی دانیشتوانی تورکیا، بۆ ئەمەش بە بەردەوامی رەخنەیان ئاراستەی سروشتی سیستمی تاك پارتی، هەروەها بانگەشەی بنەما ئازادی و دیموکراتیەکان دەکرد، لەم ڕێگا یە توانیان سەرکەوتن بەدەست بێنێت لەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پیشتیوانی زیاتری هاوڵاتییانی بەدەست بێنێت، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مەترسی لەسەر هێزو مانەوەی دەسەڵاتی پارتی گەلی کۆماری فەرمانڕەوا دروستکردبوو هەر لەو چوار چێوەیەدا ئەو هەڵبژاردنەی کە بڕیار بوو لە ساڵی (١٩٤٧) ئەنجام بدرێت لە لایەن پارتی گەلی کۆماری بۆ (٢١ی تەمموزی ١٩٤٦) پێشخرا (Sutcu,2011,p49) ، (موراد،٢٠١٥، ص١١٨).

## ٣- سیاسەتی پارتی دیموکرات لە سەرەتایی دامەرزاندنی تا ساڵی (١٩٥٠).

بەر لە کۆتایی هاتنی جەنگی دووەم کێشەو گرفت لە نێوان سەرکردە باڵاکانی پارتی گەلی کۆماری دروست بوو، کە دواتر وەك پاڵنەرێك بوو بۆ بەرقەرارکردنی دیموکراسی و گۆڕینی سیستەمی حوکمرانی وڵات، بەرز بوونەوەی دەنگ نارازییەکانی نێو گەلی تورکیا و داواکانیان بۆ پەرە پێدان بە ئازادی رادەربڕین و لابردنی یاساکانی قەدەغە و چاودێریکردنی سەر رۆژنامەو گۆڤارەکان، ڕێگەدان بە دامەزراندنی پارتی سیاسی و سەندیکای کرێکاری، هەروەها بوژانەوەی دۆخی ئابوری وڵات (الزبيدى، الطبعة الأولى، ٢٠١٨،ص ٧٥) هەموو ئەوانە لە گرنگترین داواکاری گەلی تورکیا بوو ژمارەیەك. مارەیەك لە ئەندامانی پارتی گەلی کۆماری کەبریتی بوون لە (جەلال بەیار- عەدنان مەندەریس- رفیق گۆڵدان- فۆاد کوپرلو) ناڕەزایەتی خۆیان دژ بە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات دەربڕی، لە ڕۆژی (٧ی کانونی دووەم ١٩٤٦) بە فەرمی پارتی دیموکرات تورکیا دامەزرا (الزين،١٩٩٢،ص ٢٦٦)، (خليل واخرون، ١٩٨٨،ص ١٦٥).

هەرچەندە بەراگەیاندنی ئەو پارتە قۆناغێکی سیاسی نوێ لە تورکیا دەستی پێکرد، بەڵام ئەگەر بە وردی هەڵوەستە لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم پارتە نوێیە بکەین بۆمان دەردەکەوێت لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری هەیە، بۆ نموونە ئەو پارتە (٧٦%) سەرکردەکانی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی خولی هەشتەم ساڵی (١٩٤٦) پێکهاتبوو بوون لە پیاو دەربەگەکان و موڵکدارەکان لە هەمان کاتدا ڕێژەی رۆشنبیرانی لە (٦%) تێپەڕ نەدەبوو. (خليل احمد اخرون، ١٩٨٨، ص١٦٦)، (فاتح،٢٠١٦، ص٣٧)، لە بەراوردکردنی پێکهاتەی لایەنی کۆمەڵاتی پارتی دیموکرات لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازیەکی ئەوتۆ نەبوو لە نێوانیاندا بە جۆرێك لە دامەزرانەرانی پارتی دیموکرات هەمان ئەندامانی پارتی گەلی کۆماری بوون.

دوای دامەزراندنی پارتی دیموکرات لە ساڵی (١٩٤٦) پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری فەرمانڕەوا, جۆرێک لە کێشەو ململانێی تێکەوت, هەردوو لایەن لە هەوڵی ئەوە بوون متمانە و پشتگیری جەماوەری بە دەست بێنن و زۆرترین ژمارەی نوێنەریان لە پەرلەماندا هەبێت، کوردیش بەشێک بوون لەم گەمە سیاسی و ململانێیەی هەردوو لایەن، بەڵام وەک دەرکەوت ناوچە کوردنشینەکان زیاتر لە پارتی دیموکرات نزیکتر بوون، بێگومان پشتگیری کردنی کورد بۆ پارتی دیموکرات بە بەرنامە وپلانێکی دارێژراو نەبوو، بەڵکو زیاتر دەرئەنجامی سیاسی توندوتیژی پارتی گەلی گۆماری بەرامبەر کورد بوو، لەلایەکی تر پارتی دیموکرات بەکارهێنانی ئاین وەک شێوازی کارکردن لە ناوچە کوردییەکان پەیڕەو دەکرد تا کاریگەری لە سەر تاکی کورد دروست بکات، بۆ نموونە لە بانگەشەکانیان دروشمی (ئەگەر لە هەڵبژاردن سەرکەوین لە هەر دێیەک مزگەوتێک دەکەینەوە) بەرزکردبووە. (الزين، ١٩٨٢، ص٢٧٣). هەموو ئەوانە و گەورە کردن و بە بیرهێنانەوەی سیاسەتی توندوتیژەکانی پارتی گەلی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

کۆماری بەرانبەر بە کورد کاریگەری خۆی هەبوو (ماکداویل، ب (٢)، ص٨١٣)، هەر لەم چوارچێوەیەدا پارتی دیموکرات لە سەرەتادا چەند هەنگاوێکی دیموکراتیانەی هاویشت بە کردنەوەی ڕێکخراو و یانەی سیاسی و رۆشنبیری لە قۆناغێکدا کە بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی کوردستان زۆر خراپ بوو، چەندین یانەی رۆشنبیری کوردی دامەرزا هەروەها دەرکردنی چەندین رۆژنامەو گۆڤاری (عنتر، ٢٠٢٣، ل١٨١، ١٩٣)، وەک ئەوەی لە دووتوی بابەتەکەمان باسمان لێوە کرد لەلایەن (موسی عنتر) سەرەرای بەشداریکردنی رۆشنبیرانی کورد لە هەندێک پارت و یانەی تورکی (داقوق، ٢٠١٢،ص١٦٢). لایەکی دیکە حکومەتی تورکیا کە پارتی گەلی کۆماری نوێنەرایەتی دەکرد بۆ نزیک بوونەوە لە کوردو پتەوکردنی دەسەڵاتی حکومەت لە ناوچەکان، لەساڵی (١٩٤٧) سەرۆک وەزیران رایگەیاند کە دەکرێت کوردو تورک بە یەکسانی بانگهێشتی ناو سوپای بکرێت. (حەسرەتیان، ٢٠٠٧، ل٦٥-٦٦). جگە لە رێگەدان بە گەڕانەوەی دوو هەزار بنەماڵە کە پێشتر دوو خرابوونەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. (ماکراویل، ب٣، ل٨١٦).

ئەندامانی ئەو پارتە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانیان دەدا لە ڕێگەی کردنەوەی لق و رێکخراوەکانیان لە زۆربەی شارەکان بێگومان فراوانبوونی بنکەی دەسەڵاتیان بە سوود وەرگرتن لە ناڕەزایەتیەکانی گەلی تورکیا لە بەرانبەر سیاسەتەکانی پارتی گەلی کۆماری وەردەگرت.

شایانی ئاماژە پێ کردنە ئەگەر بە وردی سەرنجی هەڵسوکەوت و هەڵوێستی سیاسی هەردوو پارتە سەرەکییەکە (پارتی گەلی کۆماری) پێکهێنەری حکومەت و (پارتی دیموکرات) ڕکابەر و ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی حکومەتی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦ ەوە تا هەڵبژاردنی ١٩٥٠ بدەین، دەرکەوێت بنەماکانی دیموکراتییەت و ئەو گۆرانکارییانەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە تورکیا بڕیاری لێدرا، بەرپرسانی ئەو دوو پارتە باوەڕێکی بە هێزیان پێنەبووە، هەر بۆیە زۆر کەم پەیوەستی بنەما و ڕەوشتە دیموکراتییەکان بوون. کێبڕکێی توندە نێوانیشیان لە سەر دەسەڵات باشترین بەڵگەیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە، بۆ نمونە: هەردوو پارتەکە لە ڕووی بیروباوەڕی سیاسییەوە عەلمانی بوون، ئەمەشیان لە پەیرەو پرۆگرامەکانیان جێگیر کرد بوو، کەچی بۆ کۆکردنەوەی دەنگی زیاتر و گەیشتن بە ئامانجەکانیان درێغیان لە بەکارهێنانی ئایین نەکردووە، تەنانەت لە زۆر کاتدا وەک پارتێکی ئایینی دەرکەوتوونە (موراد، ٢٠١٥،ص ١١٩).

سەرەتای ئەم سیاسەتەش زیاتر لەگەڵ سەرهەڵدانی فرەپارتایەتی و ئینجا هەڵبژاردنەکان کە دەنگی هاوڵاتیان بوو بە یەکلاکەرەوەی ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان دەرکەوت، ناوچە کوردنشینەکانی باکوری کوردستانیش بە دوور نەبوون لەم سیاسەتە، ئەوتا (پارتی گەلی کۆماری) بۆ نزیك خستنەوەی کورد لە بەرەی خۆی، چەند هەنگاوێکی لە ڕێگای حکومەتەوە گرتەبەر، بۆ نمونە ساڵی ١٩٤٧ سەرۆك وەزیران ڕاگەیاند: لە

ئێستادا دەکرێت کوردەکان بە یەکسانی لەگەڵ تورکەکان بانگهێشت بکرێن بۆ ناو سوپادا، پێش ئەم بڕیارە کورد لە ناو سوپا تەنها لە هەندێ بەشی هاوکاری بەکارهێراون. لەلایەکی دیکە و لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧ ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا یاسای ژمارە (٧٠١٥١٠)ی دەرکردووە کە تێیدا جەختی لە سەر هەموارکردنەوەی بڕگەکانی یاسای نیشتەجێکردنی ژمارە(١٥١٠)ی ساڵی ١٩٣٤ کرد بووەوە، کە بە گوێرەی بەندی(١)ی هەموو سنورداركردنێكی کاتی لە مافەکانی ئەو هاوڵاتییە کوردانەی بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و لە باردۆخێکی ناچاریدا ڕاگوێزرابوون بۆ ناوچە دیاریکراوەکان هەڵدەوەشێتەوە، لەم سۆنگەوە ڕێگا بە بەشێك لە ڕاگوێزراوان درا بگەڕێنەوە ویلایەتەکانی خۆیان یاخود ویلایەتێکی نزیك لە ناوچەکانی نیشتەجێبوونیان (حەسرەتیان، ٢٠٠٧،ص ٦٥، ٦٦).

**٤- ئاڵنگاریە سیاسیەکان تورکیا لە ماوەی نێوان (١٩٥٠-١٩٦٠).**

سەر ئەنجامی چالاکی و جموجۆڵە سیاسیەکانیان پارتی دیموکرات لە هەڵبژاردنی ساڵی (١٤ی ئایاری ١٩٥٠) سەرکەوتنی گەورەی تۆمارکرد و (٣٩٦) کورسی پەرلەمان بەدەستهێنا کە زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بوو (ئەحمەد، مراد، ٢٠١٨، ل٢٤٢) کە لە (٤٢٠) کورسی بۆ پارتی دیموکرات بەرانبەر (٦٨) کورسی بۆ پارتی گەلی کۆماری پێکهاتبوو بەپێی ئەو ئەنجامەش دەبوایە حکومەت لەلایەن پارتی دیموکراتەوە دابمەزرێت (البدیری، ٢٠١٥، ص٣٠٠). نابێت ئەوەشمان بیر بچێت دوای بە دەستهێنانی ئەو سەرکەوتنە پارتی دیموکرات دەستیکرد بە پەیرەو پرۆگرامێکی تازە بۆ دەوڵەتی تورکیا (ئەحمەد، مرد، ٢٠١٨، ص٢٤٢). سەرکەوتنی پارتی دیموکرات ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ هەڵبژاردنی چەند کەسایەتیەك لە ناو پارتەکە بۆ پۆستەکان، لەوانە: (جەلال بایار)[٤] وەك سەرۆك کۆمار و (عەدنان مندریس)[٥] وەك سەرۆك وەزیران وە (ڕفیق کورالتان) سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی. لێرەدا جێگای خۆیەتی هەڵوەستە لە سەر ئەو هۆکار و فاکتەرانە بکەین کە ڕێگاخۆشکەر بوون بۆ سەرکەوتنی پارتی ناوبراو لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٥٠) کە ئەوانیش بریتی بوون لە: ئارەزووی گەلی تورکیا لە گۆڕینی ئەو سیستەمە حوکمڕانیە کە لە ساڵی (١٩٢٣) ، لەلایەن پارتی گەلی کۆماریەوە قورخکرا بوو، هەروەها شکستهێنانی پارتی گەلی کۆماری لە هەولەکانی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی تورکیا بە تایبەتی لە لایەنەکانی ئابووری و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان (البدیری، ٢٠١٥،ص ٣٠٠). پشت بەستنی پارتی دیموکرات لە بانگەشەکانی هەڵبژاردن بە چینی ناوەراستی کۆمەڵگە یەکێکی دیکە بوو لەم فاکتەرانەی یارمەتیدەر بوو بۆ سەرکەوتنەکەیان، هەروەها هۆکاری ئایینی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە سەرکەوتنی دیموکراتەکان کاتێك لە بانگەشەی خۆمان جەختیان لە سەر ئەم خالانە دەکردەوە:

- ڕێگەدان بە خوێندنی ئایینی.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

- بانگ دان به زمانی عەرەبی له كاتی نوێژدا. (الجاسر، الطبعة الأولـی، ٢٠٠٢،ص٢٦٤)

له راستیدا سەركەوتنی پارتی دیموكرات خالێكی گرنگ، وەرچەرخانێكی سیاسـی بـوو لە مێـژووی هـاوچەرخی توركیـا شـێوازێكی بەرچـاوی گواستنەوەی ئاشتیانە لە سیستەمی تاك پارتی بۆ سیستەمی فرەپارتی سیاسی كه بۆماوەی (١٠) ساڵ لە مێژووی توركیا لە

نێوان (١٩٥٠-١٩٦٠) ناسراو به كۆماری سێیەم له توركیـا كه بە روالەتـدا سیمای قۆناغێكی سەقامگیری پێوه دیار بـوو. (ئەرسـەلان، چـاپی دووەم، ٢٠١٢، ص١٢٧)، (الزبیدی، ٢٠١٨، ص١٠٩).

ئارەزووی گەلـی توركیـا بـۆ گـۆڕینی ئەو حـوكمرانییه كه بـۆ مـاوەی (٢٧ ساڵ) خۆی لە حوكمی پـارتی گەلـی كۆمـاری دەدۆزیـیەوە، دووەمیـان ئەو نارەزایەتیه فراوانەی لە نێوان گەلی توركیا دژ به دەسـەڵاتی گەلی كۆماری هەروەها شكستی پارتی ناوبراو لە چارەسەركردنی گرفته ئابوورییه كـانی وڵات له بـواری بەرزبـوونەوەی ئاسـتی بژێـوی و لاوازی توانـای ئـابوری (البدیری، الطبعة الثانیة٣٠١، ص٢٠١٥) جگه لە هۆكاری ئاینی كه رۆڵێكی گرینگی هەبوو لە كاتی بانگەشه كردنـی هەڵبـژاردن بـۆ بەرنامەی پارتی دیمـوكرات (ئەحـمەد، مـراد، ٢٠١٨، ل٢٤٢). شـایانی ئامـاژه پێـدانه دوای پتەكردنـی دەسـەڵاتی، پـارتی دیمـوكرات دەسـتی كـرد به پیـادەكردنی سیاسـەتی كـوت و بەنـدكردنی ئازادییەكـانی گەل تـا له سـاڵی (١٩٥٣) چەندین بریار لە ئەنجومەنی نیشتمانی گەوره دەركرا كه تێدا رەخنه گـرتن له وەزیـران تـاوانه و دەبـێ سـزا بـدرێت. (العبیـدی، ١٩٨٩، ١٢٨)، (الـزین، ١٩٨٢، ص٢٩٢).

به مجـــۆره به له بەرچـــاوگرتنی هەمـــوو ئەو میكـــانیزمه ئـــابوری و سیاسیانەوه بۆ بەدەستهێنانی دەنگی هەموو ئەوانەی لە سیاسـەتەكانی پـارتی گەلـی كۆمـاری بیزاربـوون دیموكراتەكـان توانیـان زۆریـنەی دەنگـی كوردەكان بەدەست بێنن (جالدیان، الطبعه الاولی، ٢٠٠٧، ص٨٣) (الطعبـة الاولی،٢٠٠٧،ص٨٣) (٢٠١٨، ٢٠٠٦، jwaideh ) لەو پێناوەدا بەشێوەیەكی تـاكتیكی زەبروزەنگـی پۆلیسـی و هێزەكـانی سـوپا لە قۆناغەكـانی سەرەتایی دەسـەڵاتی دیموكراتەكان هەڵگیرا بوو بۆ یەكەم جار كوردو تورك ببونه خاوەن مافی دەنگدان ئیتر هەندێك لەو ئاغا كوردانەی لە سـەردەمی فەرمانرەمـانرەوایی پـارتی گەلـی كۆمـاری دووخرابـوونەوه رێگەیـان پێـدرا كه بگەرێنەوه بوونه ئەندام پەرلەمان هەنگـاو به هەنگـاو خوێنـدگا و رێگاوبـان و نەخۆشخانه دەكرانەوه (باركی و اخرون، ٢٠٠٧، ص٢٥).

ئەگەر چی له پەیرەو پرۆگرامی پارتی دیموكرات هیچ مافێكی سیاسـی و نەتەوەیـی تـایبەت به كـورد بەدی نەدەكـرا تەنیـا لە كـاتی بانگەشـەی هەڵبژاردن بەڵێنی دابوو كه هەموو دانیشتوانی وڵات لە نێوانیشـیاندا كـورد بەیەك چاو سەیر بكرێن و جیاوازی لە نێوان تورك و كورد نەكرێت، هەروەهـا له كاتی وەرگرتنی دەسەڵات هەوڵی بوژانەوەی ویلایەتەكانی كوردستانی توركیا درا بوو (محی الدین، ٢٠١٢، ص٣٩)، هەربۆیەش لە سەرەتادا چەنـد

هەنگاوێکی نا، وەك کردنەوەی یانە و ڕێکخراوی سیاسی و رۆشنبیری چەند یانەیەکی رۆشنبیری کورد دامەزرا، هەروەها دەرکردنی چەند رۆژنامە و گۆڤارێك لەو سەروبەندەشدا کەسایەتییەکی سیاسی و رۆشنبیری بەناوی (موسی عنتر) دەرکەوت کە ڕۆڵێکی دیاری لەم بوارەدا بینی و چالاکییەکی گەورەی خستە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری کوردی، لەم چوارچێوەیەشدا گۆڤارێکی بەناوی (وڵات) دەرکرد (داقوقی، ٢٠١٢، ص١٨٦).

جگە لەمانە ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی کوردانی باکور بەشداریان لە چەند یانەو پارتێکی تورکی کرد و ڕۆڵی سیاسی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو پارت و ڕێکخراوانە بینی (فاتح، ٢٠١٦،ص٤٢)، بەڵام ئەم هەڵوێستەی پارتی دیموکرات بەرانبەر بە کورد لە باکوری کوردستان تاوەکو سەر نەبوو، بەڵکو هەر زوو لە بەڵێنەکانی پێشووی پاشگەز بووە و دەستیان کرد بە دژایەتی کورد هەر بۆیە لە (١٩٥٥) تورکیا لەگەڵ هەریەك لە ووڵاتانی (عێراق، ئێران، پاکستان) پەیمانی بەغدای مۆرکرد .

(مەنتك، ٢٠١٠، ص١٦٣) کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ دژ بە گەلی کورد بوو لە بەندی یەکەمی هاتبوو، دەتوانرێت رێکەوتی دوو قوڵی لە نێوان ووڵاتە بەشدار بووەکان لە پەیماننامەکەدا ببەسترێ (لازاریف، واخرون، ٢٠٠٦،ص٦٩) بەستنی ئەم پەیمانە پەیوەندی هەبوو بە دۆزی کوردو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی. پاشگەزبوونەوەی پارتی دیموکرات لە بەڵێن وهەڵوێستەکانی پێش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٠، دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە سیاسەتەکانی ئەو پارتە و نەرمی نواندنەکانی بەرانبەر بە کورد تاکتێکی بووە و تەنیا بۆ بە دەستهێنانی دەنگەکانیان بووە لە هەڵبژاردنەکان و لە بنەڕەتدا هیچ باوەڕێکی پێ نەبووە.

سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا بۆ تواندنەوەی گەلی کورد بەڵام ئەوان لەلایەن خۆیانەوە بەردەوام بوون لە خەباتی رۆشنبیری لە پێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان خۆیان بە تایبەتی لە دوای هەڵگیرسانی شۆرشی (١٩٥٨) لە عێراق لە رێگە بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیان لە رێگەی رادیۆی کوردی لە بەغدا و رادیۆی قاهیرە و رادیۆی یەریڤان (محی الدین، ٢٠١٢، ص ٤٠) لە ساڵی (١٩٥٨) هەفتە نامەیەکییان بلاوکراوە لە لایەن (موسا عەنتەر) بە ناوی (نیشتمانی پیشڤە چوو) کە بایەخی بە مەسەلە ناوچەییەکان دەدا بەڵام حکومەتی تورکیا بە مەرازی نەبوو هەربۆیە لە (١٩٥٩) ژمارەیەك رۆشنبیری کورد دەستگیر کرا کە ژمارەیان دەگەیشتە (٤٩ کەس) بە تۆمەتی ئەنجامدانی چالاکی رۆشنبیری قەدەغەکراو و هەوڵی جودا خوازی (عنتر، ٢٠٢٣، ص٢٢١) (حمد، ٢٠١٧ ، ص٣٥)، بەڵام دواتر بە چەند ساڵێك حوکم دران تا ساڵی (١٩٦١) ئازاد کران.

ماوەی فەرمانرەوایی پارتی دیموکرات کە بە درێژایی ساڵانی پەنجاکان لە بواری سیاسەتی دەرەوە تایبەت بە هەبوونی زنجیرە پەیمانێك لەگەڵ رۆژئاوا لەوانە چوونە ناو پەیمانی باکوری ئەتلەسی لە ساڵی (١٩٥٢)

(الزبيدى، الطبعة الاولى، ٢٠١٨، ص ١٠١) هەروەها چوونە ناو پەیمانی بەڵکان لە ساڵی (١٩٥٣) وەبەستنی پەیمانی بەغدا لە ساڵی (١٩٥٥) سەرەرای بەشداریکردنی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و (١٥) دەوڵەتی هاوپەیمان لە شەڕی کۆریا لە ساڵی (١٩٥٠) جگە لە گرێدانی چەندین پەیماننامەی لابەلا لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (احمد واخرون، ١٩٨٨،ص ١٦٦).

لە رێکەوتی (٢٧)ی ئایاری (١٩٦٠) کودەتایەکی سەربازی لە تورکیا روویدا لەلایەن ئەفسەرانی سوپا بە سەرۆکایەتی (جەمال گیورسیل) دەستیان گرت بەسەر دام و دەزگا حکومییەکان وەتوانییان بارەگای سەرۆك کۆمارو مالی سەرکردە دیارەکانی پارتی دیموکرات کۆنترۆل بکەن وە هەریەك لە سەرۆك کۆمار (جەلال بایار) سەرۆکی حکومەت (عەدنان مندریس) سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا (رەفیق کورالتان) و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی سوپا دەستگیر کران (البديرى، الطبعة الثانية، ٢٠١٥، ص٣٣٦)، (النعيمى، ٢٠١٩، ص٢١٣).

ئەنجام

لەنووسینی ئەم توێینەوە چەند خاڵێکمان بۆ دەرکەوێت

١-کاریگەری جەنگی جیهانی دووەم بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناراستەخۆ لەسەر تورکیا تایبەت بەکاریگەرییەکانی گۆرانی سیستەمی حکومڕانی لە وڵات، پەرەسەندن و گەشەکردنی لایەنەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتی.

٢-گۆرینی سیستەمی حوکمڕانی لەدەولەتە ئەوروپیەکان لە دوای جەنگی دووەمی جیهان لەسەر شێوازی حوکمڕانی لەوڵاتە، کەخۆی لە سەرهەڵدانی فرە حزبی لەجیاتی تاك حزبی دەدۆزێتەوە.

٣-هەوڵی پارتە سیاسیەکانی تورکیا بۆ نزیکبوونەوەی لەکورد بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردن وپێدانی بەڵێنی گەورەو زەق تا ئەو کاتەی دەسەێتیان بە هێز دەبێت.

٤-سیاسەتی نەگۆری پارتە سیاسیەکانی فەرمانڕەوا لە تورکیا بەرانبەر بەکورد کەوای کرد کورد لە لایەن خۆیەوە هەولی پەیرەوکردنی خەباتی سیاسی و رۆشنبیری بدات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکان..

٥-کاریگەری ئەوشۆرش و رووداوە مێژوویە گرنگەکان کەلە دەولەتی دراوسێ تورکیا روویاندا ناوەخۆیەکانی تورکیا هاوشیوەی کاریگەری دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەمهاباد وهەڵگیرساندنی شۆرشی (١٤ی تەمووز ١٩٥٨) لەعێراق.

٦-لەئەنجامی گۆرانکارییە سیاسییەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی دیدوتیروانینی پارتە سیاسیەکانی تورکیا بەرانبەر بەدۆزی کورد جیاوازیەکی ئەوتۆو بەدی نەدەکرا واتا هیچی لەسیاسەتی تورکیا بەرانبەر کورد نەگوری .

٧-گۆرانکاری سیستەمی حوکمڕانی لە تورکیا وئەزموونی فرەپارتایەتی و ئەنجامدانی هەڵبژارن تەنها شێوەی دیموکراتسییەکای رووکەش بوو لەو قۆناغەدا.

٨-كاریگەری فشارە دەرکییەکان لەماوەی دوای جەنگی دووەمی جیهان ورەنگدانەوەی لەسەر سیستەمی لەتورکیا.
٩-پارتە سیاسییەکانی تورکیا تەنها و بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنەکان روویان لەناوچە کوردنیشینەکان دەکرد.
١٠- لەماوەیسالآنی پەنجاکان و سەرەتای شستەکان گەشەسەندنی لایەنەکانی رۆشنبیری و کولتووری بەشێوەیەکی روون بەدی دەکرێت.

پەراوێزەکان

(١)مستەفا کەمال ئەتاتورک:- لە (١٨٨٨) لە شاری سلانیک لە دایکبووە لە (١٨٩٣) پەیوەندی کردیە بە قوتابخانەی (الرشیدیة العسکریة)، لە (١٨٩٩) بە پلە ملازمی دووەم دەرچووە، لە (١٩٠٨) چووەتە نیو رێزەکانی رێکخراوی (الاتحاد و الترقیي)، بەشداریکردووە لە جەنگەکانی بەلقان و جەنگی عوسمانی لە لیبیا لە (١٩١٢)، سەرکردایەتی جەنگی سەربەخۆیی کرد لە تورکیا (١٩١٩)، دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تورکیا وەک یەکەم سەرۆک ئەم وولاتە دیاریکرا تا کۆچی دوایی کردنی لە (١٩٣٨) (المعوری الجبوری، ١٨٣،٢٠٢٣). النعیمی،(١٩٩٠)، بغداد،١٤.

(٢) **بنەمای ترومان لە (١٢ی ئادار ١٩٤٧) سەرۆکی ئەمریکا (ترمان) نامەیەکی ئاراستەی کۆنگریس وولاتەکەی کرد، تێدا داوای ڵیکردن کە (٤٠٠ ملیون) دۆلار وەك هاوكاری بدرێتە تورکیا و یۆنان (التکریتی، ٢٠٠٧، ٣٢٦).**

(٣)لە دیارترین دروشمەکانی پارتی گەلی کۆماری بریتی بوو لە (کۆماری- عەلمانی- پێشکەوتو خۆازی) (شاکر، ٧٦،١٩٨٨).

(٤)جەلال بەیار: لە ساڵی (١٨٨٣) لە بورصە لە دایك بووە، ساڵی (١٩٢٠) پەیوەندی بە بزووتنەوەی کەمالی کردووە لە ساڵی (١٩٣٧) کراوەتە سەرۆك وەزیرانی تورکیا، ساڵی (١٩٤٦) پارتی دیموکراتی دامەزراند لە ساڵی (١٩٥٠) بووە بە سەرۆك كۆمار تا کودەتاکەی ساڵی (١٩٦٠) وە لە ساڵی (١٩٨٦) لە تەمەنی (١٠٣) ساڵیدا کۆچی دوای کردوە لە ئەستەنبول (٢٤، ٢٠١٤، Aslan).

(٥)عەدنان مندریس: لە ساڵی (١٨٨٩) لە دایك بووە ساڵی (١٩٣٠) تێکەڵی کاری سیاسی بوو، بۆ ماوەی (١٥) ساڵ ئەندام پەرلەمانی تورکیا بوو، بەشداریکردووە لە دامەزراندنی پارتی دیموکرات لە ماوەی (١٩٥٠-١٩٦٠) بووە بە سەرۆك وەزیران لە ساڵی (١٩٦٠) دەستگیر دەکرێت وە لە ساڵی (١٩٦١) لە سێدارە دەدرێت. (فاتح، ٢٠١٦، ٣٦٤).


(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

## ليستى سەرچاوەكان:


**بە زمانى عەرەبى:**

١-احمد- مراد، إبراهيم و خليل على واخرون، (١٩٨٨): تركيا العاصرة، دارالكتب للطباعة والنشر.
٢-باركى واخرون، هنري، (٢٠٠٧): القضية الكردية في تركيا، ت: هفال /أربيل.
٣-البديري، خضير (٢٠١٥): التاريخ المعاصر لإيران و تركيا، الطبعة الثانية، بيروت، شركة العارف للمطبوعات.
٤-جعفر، مجيد (٢٠٠٦): كردستان تركيا، الطبعة الثانية، السليمانية، مؤسة، حمدي للطباعة والنشر.
٥-جالديان، جيرارد،(٢٠٠٧) الماساة الكوردية، ت:عبدالسلام النقشبندي، دار ئاراس للطباعة والنشر.
٦-الزبيدي، كريم مطر حمزة،(٢٠١٨):موجز تاريخ تركيا الحث، تاطبعة الأولى، بابل، دارالرياحين للنشر.
٧-الزين،مصطفى،(١٩٨٢)اتورك و خلفاؤء، الطبعة الأولى، بيروت، دارالكلمة للنشر.
٨-سعدالله، صلا، (١٩٩١):المسالة الكوردية في تركيا، بغداد.
٩-شاكر، محمود/(١٩٨٨):تركية، الطبعة السابعة، بيروت، المكتب السلامي.
١٠-النعيمى، احمد نوري، (٢٠١٩): النظام السياسي في تركيا وايران، بيروت.
١١-لازاريف، م.س واخرون، (٢٠٠٦):تاريخ كوردستان، ت، عبدي حاجي، الطبعة الأولى، دار سبيريز للطباعة والنشر.
١٢-لازاريف، م.س واخرون،(٢٠١٢):الحركة الكوردية في العمصر الحديث، الطبعة الثانية، دهوك.
١٣-عنتر،موسى،(٢٠٢٣):مذكراتي، ت: محمد عبدالقادر، الطبعة الأولى، قامشلو.
١٤-عيسى، حامد محمود(١٩٩٢):المشكلة الكردية في الشرق الأوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، جامعة قناة الويس، مطبعة مدبولي.
١٥-الجاسر،محمد طه (٢٠٠٢):تركية ميران العراع بين (الشرق والغرب، الطبعة الأولى) دمشق.
١٦-النعيمي، احمد نورى، (١٩٩٠):الحياة السياسية في تركيا الحدثية ١٩١٩-١٩٣٨، بغداد،داراكرية.
١٧-التكريتي، هاشم صالح، مجموعة من الباشين السوفيت (٢٠٠٧)ز تاريخ تركيا المعاص، السليمانية.

**بە زمانى كوردى:**

١-ئەحمەد، حەميد- مورد، ئبراهيم خەليل عەلى (٢٠١٨)، مێژووى ئێران و توركيا و: بەهائەدين جەلال مستەفا، هەولێر، چاپخانە رۆژهەلات.

٢-ئەرسەلان، حەمید بۆز،(٢٠١٢): مێژووی تورکیای هاوچەرخ، و:نەجاتی عەبدولا، هەولێر /دەزگا ئاراس.
٣-حەسرەتیان،(٢٠٠٧): یاسا دەستوریەکانی تورکیا و کورد لەسەردەمی نوێدا، دلێر ئەحمەد /سلێمانی.
٤-زوچەر، ئیریك جەی، (٢٠١٨): مێژووی هاوچەرخی تورکیا، یاسین سەردەشتی، چاپی دووەم سلێمانی.
٥- داقوقی، ئبراهیم (٢٠١٢): کوردی تورکیا، و: هیمەت عەزیز کاکەیی، هەولێر، چاپیخانەی رۆژهەلات.
٦-رەسول، فاتیع، (٢٠٠٥): بنچینەی مێژویی بیروکەی چەپ لە کوردستان، چ(٢) چاپخانەی چوارچرا سلێمانی.
٧-هاوار، محمد رەسول،(٢٠٠٤): کوردو باکوری کوردستانی، بەرگی(٣) چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی خاك.
٨-فاتع، محمد(٢٠١٦): پارت و رێکخراوە سیاسیەکان لە تورکیا ١٩٢٣-٢٠٠٣، سولێمانی دەزگای ئایدیا.
٩-فەتاح، ماجید خەلیل، (٢٠١٢)، رێکخستنە سیاسیەکانی باکور کوردستان ١٩٦٠-١٩٨٠، هەولێر.
١٠-شەمزینی، عەزیز،(١٩٩٨): جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان و: فەرید ئەسە سەرد، چاپی (٣)، سولێمانی.
١١-مەنتك، کامەران (٢٠١٠): کوردستان لە سیاسەتی هەرێمایەتیدا ١٩٣٢-١٩٥٥ چاپی یەکەم، هەولێر.
١٢-محێدین، هاوکار جەلیل، (٢٠١٣) دۆزی کورد لە تورکیا لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٩٩)، هەولێر.
١٣-ماکداول، دیڤید(٢٠٠٣): مێژووی هاوچەخی کورد، و:ئەبوکر خۆشناو، بەرگی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی روون.
١٤- ماکداول، دیڤید(٢٠٠٢): مێژووی هاوچەخی کورد، و:ئەبوکر خۆشناو، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

**بەزمانی ئینگلیزی :**

1- jwaideh, wadie, 2006: the kurdish national mivement , first

**بە زمانی تورکی:**

1-aslan, emel2014 : turkey, uinicsiyasetinde democrat partti 1950-1960-ankara

**نامەی زانکۆیی :**

١-العبيدي، محسن حمزة حسن، (١٩٨٩): التطورات السياسية الداخلية في تركيا ١٩٤٦-١٩٦٠, رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب جامعة الموصل.
٢-محمد، زنيار حمد،(٢٠١٧): السياسية التركية اتجاة القضية الكوردية في

تركيا بين عامين (٢٠٠٢-٢٠١٥) رسالة ماجستير، كلية القانون و السياسية، جامعة السليمانية.

**المجلات:**

١-الطيار، خليل إبراهيم، (٢٠٠٤): الصراع بين العلمانية والسلام في تركيا، العدد (٩٩) الطبعة الأولى، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية.
٢-المعموري، شذى إبراهيم المعموري، فراس الجبورى، (٢٠٢٣)، التعددية الغربية في تركيا (١٩٤٥-١٩٥٠)، المجلد (٣٠) العدد (٧) مجلة جامعة تكريت للعلوم الإنسانية.

Sources

1- Ahmed-Murad, Ibrahim and Khalil Ali, et al. (1988): Contemporary Turkey, Dar al-Kutub for Printing and Publishing.

2- Barki, et al., Henry (2007): The Kurdish Question in Turkey, translated by Haval/Erbil.

3- Al-Badiri, Khudair (2015): The Contemporary History of Iran and Turkey, 2nd edition, Beirut, Al-Aref Publications Company.

4- Jaafar, Majid (2006): Turkish Kurdistan, 2nd edition, Sulaymaniyah, Hamdi Foundation for Printing and Publishing.

5- Galdian, Gerard (2007): The Kurdish Tragedy, translated by Abdul Salam al-Naqshbandi, Aras House for Printing and Publishing.

6- Al-Zubaidi, Karim Matar Hamza (2018): A Brief History of Modern Türkiye, 1st edition, Babylon, Dar al-Rayahin for Publishing.

7- Al-Zain, Mustafa, (1982) Ataturk and His Successors, First Edition, Beirut, Dar Al-Kalima Publishing.

8- Saadallah, Salah, (1991): The Kurdish Question in Turkey, Baghdad.

9- Shaker, Mahmoud, (1988): Turkey, Seventh Edition, Beirut, Al-Maktab Al-Salami.

10- Al-Nuaimi, Ahmed Nouri, (2019): The Political System in Turkey and Iran, Beirut.

11- Lazarev, M.S. et al., (2006): History of Kurdistan, translated by Abdi Haji, First Edition, Dar Spirez Printing and Publishing.

12- Lazarev, M.S. et al., (2012): The Kurdish Movement in the Modern Era, Second Edition, Duhok.

13- Antar, Musa, (2023): My Memoirs, translated by Muhammad Abdul Qadir, First Edition, Qamishli. 14- Issa, Hamed Mahmoud (1992): The Kurdish Problem in the Middle East from its Beginning until 1991, Suez Canal University, Madbouli Press.

15- Al-Jasser, Muhammad Taha (2002): Turkey of Miran Al-Ara' between East and West (First Edition), Damascus.

16- Al-Nuaimi, Ahmed Nouri (1990): Political Life in Modern Turkey 1919-1938, Baghdad, Darakriya.

17- Al-Tikriti, Hashem Saleh, a group of Soviet researchers (2007): Contemporary History of Türkiye, Sulaymaniyah.

1- Ahmad, Hamid-Mawrid, Ibrahim Khalil Ali (2018), Iran and Turkey and: Bahaadin Jalal Mustafa, Holler, Chakhan RCH

2- Erslan, Hamid Bez, (2012): Turkey's Home Affairs, and: Nejati Abdola, Holler / Dezga Aras.

3- Hasretian, (2007): Turkey's history and the Kurds of Noida, by Ahmad/Soleimani.

4- Zocher, Eric J., (2018): How many people are in Turkey, Yasin Sardashti, the name of Soleimani.

5- Daquqi, Ibrahim (2012): Kurdish Turkey, and: Hemet Aziz Kakiyi, Howler, Chapikhaneh Rehjalat.

6- Rasoul, Fateeh, (2005): What's going on in Kurdistan, Part 2? (2) Chavarsh Soleimani.

7- Hawar, Muhammad Rasoul, (2004): Kurdo Bakuri Kurdestani, Bargi(3) Chapi, Soleimani, Chapkhani Khak.

8- Fateh, Muhammad (2016): Part and Rick, a politician in Turkey 1923-2003, Soleimani Dezghay.

9- Fattah, Majid Khalil, (2012), Political Revolution of Bakur Kurdistan 1960-1980, Holler.

10- Shimazini, Aziz, (1998): Golania and Rezgari Nishtamani Kurdistan and: Farid Esa Sard, Chapi (3), Soleimani.

11- Mintak, Kamran (2010): Kurdistan's Hermitage Politics 1932-1955 Chapıkm, Holler.

12- Mohidin, Hawkar Jalil, (2013) Turkish Kurdistan Region (1980-1999), Höler.

13- McDowell, David (2003): This is the story of Kord, and: Ebukar Khishnaw, Birgi Douim, Soleimani, Chap Khan, Ron.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

14- McDowell, David (2002): How do you manage your life, and: Abu Bakr Khishnaw, Bargi Yekkim, Soleimani.

1- Jwaideh, Wadie, 2006: The Kurdish National Movement, First Edition

1- Aslan, Emel, 2014: Turkey, Political Policy and the Democratic Party 1950-1960 - Ankara

1- Al-Ubaidi, Muhsin Hamza Hassan, (1989): Internal Political Developments in Turkey 1946-1960, Unpublished Master's Thesis, College of Arts, University of Mosul.

2- Muhammad, Ziniyar Hamad, (2017): Turkish Policy Towards the Kurdish Question in Turkey Between 2002 and 2015, Master's Thesis, College of Law and Political Science, University of Sulaimani.

Journals:

1- Al-Tayyar, Khalil Ibrahim, (2004): The Conflict Between Secularism and Peace in Turkey, Issue (99), First Edition, Emirates Center for Strategic Studies and Research.

2- Al-Maamouri, Shatha Ibrahim Al-Maamouri, Firas Al-Jabouri, (2023), Western Pluralism in Turkey (1945-1950), Volume (30), Issue (7), Tikrit University Journal of Human Sciences.